# کاتژمێرە هۆشمەندەکان هێڵی ئەنتەرنێتیان هەیە




لەم دە ساڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی جیددی بەسەر ئامێرە شەخسییەکاندا هات و گشت ئامێرەکان بەرەو دیجیتالی هەنگاویان نا، کاتژمێری دەســت کە مێژوویەکی هەزاران ســاڵەی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، هەر لە سنووری نیشاندانی کاتدا نەمایەوە و ئێستا زۆر ئەرکی دیکەش رادەپەڕێنن.
لەم دواییەدا کاتژمێرێکی هۆشمەند بەرهەم هات کە بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و کورتە پەیامەکان نیشــان دەدات و مۆســیقی کۆنترۆڵ دەکات و خاوەنی سیستەمی GPS و لەگــەڵ هێڵی ئەنتەرنێت لە پەیوەندی دایە. کاتژمێر هۆشــمەندەکە لە تەکنەلۆژیای لاپەڕەی حیبیری ئەلکترۆنی ســوود وەردەگرێت و بەکارهێنەران دەتوانن بەهۆیەوە پرۆگرامەکانی سەر مۆبایلە هۆشمەندەکان کە خاوەنی سیستەمی بگەڕخەری ئەندرۆید و ئایفۆنن بکەنەوە.
بەرهەمهێنەرانی ئەم کاتژمێرە هۆشــمەندانە رادەگەیەنن کە ئەمە کاتژمێری ســەدەی بیست و یەکە و بەکارهێنەران دەتوانن شێوە و دیزاینی شاشەی کاتژمێرەکەیان و هەروەها پرۆگرامە پێویستییەکان لە ئەنتەرنێت دابەزێنن. ئەوانەی پایســکل دەئاژۆن دەتوانن لەم کاتژمێرە وەك سیســتەمی GPS واتە دۆزینەوەی شــوێنی جوگرافی سوود وەربگرن.

# نۆت تاپێکی نوێ بەبێ سیستەمی فەن

لەوکاتەوە کۆمپیوتەر بوو بە گشتگیر و گەلێك سیســتەمی کۆمپیوتەر دەرکەوتــن کە هەموویان لەکاردا وەك یەکن بەڵام شێوازی دیزاین و توانایان جیاوازە، وەك کۆمپیوتەری دیسکتۆپ، لاپتۆپ، ئولترابوك، نوتی بوك و لەم دوایەشدا نوتی تاپ.
لــەم دواییــەدا نوتی تاپی جــۆری M001 لەلایەن کۆمپانیــای J&W بەرهەم هات خاوەنی دوو پرۆسیســەرە و تەنیا ئیســلاتی رام میمۆری نوتی بوکەکــە دەتوانێ لە 4 گیگا پشــتیوانی بــکات. نوتی تاپی ناوبراو هیــچ پەنکەیەك واتە سیســتەمێکی فێنك کەرەوەی نییە، هارەکەی 3 گیگابایتە، خاوەنی کارتی وایەرلەیس و سێ پۆرتی USB و بوونی کەلێن و شــوێنی کارت میمۆری بۆ هەمــوو جۆرە کارت میمۆرییــەك و هەروەهــا بو ونــی کە لێنــی HDMI و VGAیە.



# کۆمپیوتەرێک لە فلاش میمۆریدا




هیچ سەیر نییە کە بڵێین کۆمپیوتەرەکانی داهاتوو قەوارەیان بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێــت کــە دەکرێــت لــە تەلەڤزیۆنی ماڵــەوە بخرێت و تیڤیەکە وەك شاشــەی کۆمپیوتەرەکە دابندرێت. ئامێری cotton candy لەگەڵ هەر تەلەڤزیۆنێك دەگونجێت کە شــوێنی USB هەبێت، تەنیا پێویستی بــە کیبۆردێك و ماوســێکە. کۆمپیوتەرە فلاشــەکە لەگــەڵ چەند سیســتەمێك دەگونجێت وەك سیســتەمی ئەندرۆید یا سیســتەمی ئوبونتۆ، کە سیســتەمێکی هاوشێوەی ویندۆزە. هەرچەندە کۆمپیوتەرە بچووکەکە تەنیا 21 گرام کێشــەکەیەتی، بــەڵام خاوەنــی پرۆسیســەرێکی یــەك گیگاهێرتزە و سیســتەمی بلوتوس و وای فای لەسەرە.

# کامێرا کۆنەکان
# بە بەرگێکی نوێوە دەگەڕێنەوە

ئەگەر کامیرای زەمەن بۆ سـی سـاڵ لەمەوبەر بگەڕێنینەوە دەبینین کە کامێرای جۆری پۆلارید بوونی هەبوو، کامێرایەك کە پێویست نەبوو وێنەکان بشۆردرێنەوە هەر خۆی وێنەی دەردەخست جۆرە کاغەزێکی تایبەتی دەردەخسـت کە وێنەکەی لەسەر بوو. ئەمجارەیان کامێرای پۆلارید بەشـێوەی دیجیتـال گەڕاوەتەوە، بەهۆی کامێرای دیجیتالی پۆلارید دەتوانی وێنەی ئینسـتاگرام بەشێوەیەکی زۆر سـەرنج راکێش بگری. کامێرایەکە شاشەیەکی لەمسـی لە پشتەوەیە، فلاشـەکەی لە جۆری LEDیە و زومی ئیپتیکالی هەیە و بەهۆی سیستەمی بلوتوس و وایفایەوە پەیوەند دەدرێت، رامەکەی 16 گیگابایتە.





# دەسکی گەیمێکی زۆر تایبەت

دەسکی گەیم واتە (جویستیك) هەموو فەرمان و ئەرکەکان لە ئامێری ئاتاری، پلەی ستەیشـن، ئیکس بۆکس و...تاد دەبینیٚ، لەراسـتیدا بەبێ دەسکی گەیم یاری ئەلکترۆنی ناکرێت، سوکان چ رۆڵێك دەبینێت لە ئۆتۆمبێلدا، دەسکی گەیمیش هەر ئەو رۆڵە دەگێڕێ لە یاری ئەلکترۆنیدا و بگرە زیاتریش.

کۆمپانیایەکی بەریتانی کە لە بەرهەمهێنانی ئامێری تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنیدا ناوسـراوە، لەم دواییەدا دەسکێکی گەیم (جویسـتیك)ی بۆ ئامێری ئیکس بوکـس و کۆمپیوتەر بەرهەم هێناوە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دەسکە گەیمە ئەوانەن:

دوگمەکانـی دەکرێت پرۆگرامیـان بۆ دابندرێـت و بەپێی ویسـتی خۆت ئەرکەکانیان دیاری بکەیت، دانانی 8 فەرمان لە دوگمەکاندا بەهۆی کۆمپیوتەرەوە. کاریگەری دەنگ بە شێوەی 3D بە توانایەکـی زۆرەوە. دوو کۆنترۆڵی بەرگری ئەنالۆگ. بوونی هەندێك کەلین لە شوێنی دانانی پەنجەکاندا بۆ ئەوەی کە پەنجەکان ئارەقە نەکەن. وردبینییەکی زۆر، بەهۆی وایەرلەیسەوە لەگەڵ ئامێرەکەی پەیوەند دەدرێت.

# بە مۆبایل کۆمپیوتەرەکەتان کۆنترۆڵ بکەن




دەسـتەواژەی Remote واتە کۆنترۆڵ کردن لە رێگای دوورەوەوە دێـت، وەك ریمـۆت کۆنتـرۆڵ بـۆ تەلەڤزیۆن و سـپلیت و سـەتەلایت و تەنانەت گلۆپیـش.. گەر حەز دەکەی ریمـۆت کۆنترۆڵێك بـۆ کۆمپیوتەرەکەت دابنێی بەدوای هیـچ ئامێرێکی ریمـۆت کۆنترۆڵدا مەگەڕێ، بەڵکـو دەتوانن مۆبایلەکەت وەك ریمـۆت کۆنترۆڵ بەکار بێنی. بە سـوود وەرگرتن لـە پرۆگرامی Control freak دەتوانـی کۆمپیوتەرەکەت لە رێـگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵ بکەی. پرۆگرامی ناوبراو دەچێتە سەر زۆربەی مۆبایلەکان کە سیستەمی بلوتوسـیان هەیە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە مۆبایلەکەت وەك ماوسـێکی کۆمپیوتەری لێدێت هەندێك مۆبایلی چینی بەبێ بوونی ئەو پرگرۆگرامەش ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن. ئەرکەکانـی وەك زیادو کەمکردنی دەنگ، کردنـەوەی فایلە دەنگـی و وێنەییـەکان، کوژاندنەوەی کۆمپیوتـەر و کردنەوەی پرۆگرامەکان هەر لە مۆبایلەکەرا ئەنجام دەدرێن.





## لەم سایتەدا گشت فایلەکانی ئۆفیس بەبێ پرۆگرام بخوێنەوە

ئەگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هیچ چەشنە پرۆگرامێك نەبێت بۆ خوێندنەوەی فایلەکانی تایبەت بە مایکرۆسۆفت ئۆفیس وەك ۆرد یا ئیکسل یا پاوەر پۆینت..تاد، پێویست ناکات لە نەبوونی ئۆفیس لەسەر کۆمپیوتەرەکەت نیگەران بی، چونکە سایتی Zoho viewer ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەرەکەی دەڕەخسێنێ بەبێ بوونی هیچ چەشنە پرۆگرامێك فایلە دەقییەکانی وەك دەقەکانی ئۆفیس بە فۆرمەتەکانی doc,docx,xls,xlsx.... دوای ئاپۆلۆد کردنە سەر کۆمپیوتەر بخوێنیەوە. ئەرکی سایتەکە هەر ئەوەندە نییە بگرە سایتەکە گشت فۆرماتە دەنگی و ڕەنگییەکان و گۆڕین بۆ PDF و فۆرماتی وێنەیی بۆ یەکتر بگۆڕی.



## پرۆگرامێک بۆ چێکردنی داری خانەوادەیی

داری بنەماڵە یان بە واتایەکی دیکە داری دیاریکردنی بنچینە و کە بە عەرەبی پێیدەگوترێت (شجرە العائلة) بەوە دەگوترێت کە یەکێك بیەوێ بنچینەیەکەی خۆی لە چەند پشتێکەوە لەسەر کاغەز تۆمار بکات، ئەو شێوازە لە دێرزەمانەوە هەبووە و هەیە تا بەهۆیەوە نەوەکانی داهاتووی ئەو بنەماڵەیە بزانن باب و باپیرانیان کێن.

پرۆگرامێك هەیە بۆ چێکردنی داری بنەماڵە کە بە ئینگلیزەکەشی دیارە هەر ئەو واتایەی پێدەڵێن بۆیە پرۆگرامەکە بە Family Tree Builder ناسراوە. پرۆگرامەکە زۆر بە جوانی دیزاین کراوە، توانای دانانی وێنەی تاکەکانی ناو دارەکەشی هەیە. لەو پرۆگرامەدا دەتوانرێت رەگەزی مێ و نێریش لێك جیابکرێتەوە. هەروەها توانای دیاریکردنی روخساری کەسەکانی هەیە. دانانی شوێنی کەسەکان بەپێی ناوچەی جوگرافیایی تێدایە...



## ئەنتەرنێت ئێکسپلۆرێر دەچێتە سەر ئامێری Xbox

پرۆگرامی ئەنتەرنێت ئێکسپلۆرێر پرۆگرامی بەدواداگەڕانی سایتەکانە و بێگومان ئەوەی ئەنتەرنێتی بەکارهێنابێ دەزانی ئەو پرۆگرامە چییە، پرۆگرامی ناوبراو هی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە کە بەم دواییە ڤێرژنی 9ی ئەم پرۆگرامە هاتۆتە بەرهەم و لەگەڵ ویندۆز8دا بڵاودەبێتەوە. ئامێری گەمەی ئەلکترۆنی Xboxیش هەر هی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە کە لەم دواییەدا بە بوونی هێڵی ئەنتەرنێت ئەو ئامێرەی دەوڵەمەند کردووە، ئێستا بەکارهێنەرانی ئەو ئامێرە دەتوانن بەهۆیەوە سەیری لاپەڕەکانی ئەنتەرنێت بکەن و فەرمانەکانی خۆیان بە شێوەی دەنگ و هەروەها بە جوڵەی دەست بنێرن. بۆ کردنەوەی سایتەکان یا کردنەوەی ئیمێلەکەت پێویستت بە تایپ کردن نییە بگرە بە دەنگ یان بە جوڵەی دەست دەتوانن ئەو ئەرکە ئەنجام بدەی.

# لە ئاوێنەکەتدا ئیمیلەکەت بخوێنەوە



سەر کۆمپیوتەرەکەت و ئیمێلەکەت بکەیەوە لە گرنگترین هەواڵەکان ئاگادار دەبی. ئەم ئاوێنە جادوییە هەموو ئەو ئەرکانە دەستەبەر دەکات و لەم دواییانەدا لە کۆمپانیای Expo ژاپۆن نمایش کرا.

کۆمپانیای سامسۆنگیش ئاوێنەیەکی سیحری هاوشێوەی ئەو ئاوێنەیە بەرهەم هێناوە کە بەبێ ئەوەی کە ئاوێنەکە لەمس بکەی تەنیا بە نزیککردنەوەی سەری پەنجەکانت لە شوێنی فەرمانەکە دەتوانی کۆنترۆڵی ئاوێنەکە بکەی. ئاوێنەکە جگە لە نیشاندانی کەش و هەوای ژووری ئاوێنەکە، ئامێری پێوانی ئاوی بەهەدەرچوو و هەروەها بوونی تەرازوویەکی هۆشمەند کە بتوانی رۆژانە رژێمی خۆراکیت پێ بڵێ و لە زیادبوونی کێشت ئاگادارت کاتەوە تێدایە، پێشتر لە فیلمە کارتۆنییەکان دەماندی ئاوێنەیەکی سیحری لەگەڵ کاراکتەرەکانی ناوفیلمەکە دەئاخەوێ و رێنوێنینان دەکات، ئەم خەیاڵە ئەمرۆکە نزیك بۆتەوە لە راستی!

بە سوود وەرگرتن لە ئاوێنەی دیجیتالی هۆشمەند دەتوانی لەگەڵ ئەوەیدا کە سەیری خۆت دەکەی و لەبەر ئاوێنەکە خۆت ئارایش دەکەی و فلْچەیەك لە ددانەکانت دەدەی، نرخی زێڕ و دراو و هەواڵە گرنگەکانی رۆژانە و زانیاری سەبارەت بە کەش و هەوای ناوچەکەو تەنانەت ئیمێلەکەشت لە ئاوێنەدا بخوێنیەوە. ئیدی لەمەولا بەیانیان لەبری ئەوەی کە رۆژنامەیەك بکڕی یا بچیە

## سیستەمی پەروەردە بەرەو ئەلکترۆنی دەڕوات

بە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای سەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا دێت، هەندێك لە شارەزایانی ئەو بوارە پێشبینی ئەوە دەکەن رەنگە لە دەیەی دواییدا خوێندن و سیستەمی پەروەردە بەم شێوەیەی ئێستا نەمێنێت و هیچ قوتابی و خوێندکارێك بۆ خوێندن روو لە قوتابخانە نەکات و بگرە هەر لەماڵەوە بەهۆی هێڵی ئەنتەرنێت و قوتابخانەی مەجازی وانەکانی بخوێنێ..

وڵاتی تایلەند لە سیستەمی پەروەردەی ئەمساڵیدا هەوڵیداوە لەبری کتێبی دەرسی قوتابییەکان لە تەبلێت سوود وەربگرن، چونکە تەبلێت هەموو کتێبە دەرسییەکانی تێدایە و جگە لەوەش دەتوانرێت دەیان ئەرکی دیکەی تایبەت بە خوێندن ئەنجام بدات. سیستەمی پەروەردەی تایلەند ئەمساڵ بودجەیەکی زیاتر لە 8 ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووەو دیارە بەکارهێنانی ئامێری تەبلێت ئێستاکە لە قۆناغی تێستدایە و ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنێت رەنگە هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە تەبلێت لەبری کتێبی خوێندن سوود وەربگرن، ئەمساڵ یەك ملیۆن تەبلێت بەسەر قوتابییەکاندا دابەش کراوە. ئەو تەبلێتەی کە تایبەت کراوە بۆ ئەم مەبەستە جۆری Scoped Sp0712یە کە لە سیستەمی ئەندرویدی کۆمپانیای گوگڵ سوود وەردەگرێت و شاشەکەی 7 ئینجە و خێراییەکەی 2 گیگاهێرتزە و رامەکەی 8 گیگابایتە و سیستەمی GPS لەسەرە.






خوێنەرێکی بەڕێزی گۆڤارەکەمان سەبارەت بە کێشەی قەرەباڵغی فۆلدەر و فایلەکان لەسەر کۆمپیوتەردا پرسیارێکی بۆ هاتۆتە پێش و دەپرسێ، من لەسەر کۆمپیوتەرەکەم بە سەدان فۆلدەر هەیە بەهۆی زۆری فۆلدەرەکانەوە کاتێك دەمەوێ شتێك بدۆزمەوە دەبێ ماوەیەکی زۆر بەدوایدا بگەڕێم، ئایا پرۆگرامێك هەیە بۆ ئەوەی ریزبەندی فۆلدەرەکان بە پێی ویستی من بێت؟ یان فۆلدەرەکان هەر کامیان رەنگ و شێوازی خۆیان هەبێت؟ چونکە هەموو فۆلدەرەکان شێواز و رەنگیان وەك یەکە، ئەگەر فۆلدەرەکان رەنگ و شێوازیان جیا با کێشەم نەدەبوو.

خوێنەری بەڕێز بەڵێ پرۆگرامێکی لەم چەشنە هەیە کە بەهۆیەوە تەنیا بە یەك کلیك رەنگی فۆلدەرەکە و هەروەها شێوازەکەی دەگۆڕی، ئەویش پرۆگرامی folder marker، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت هەر فۆلدەرەی رەنگی تایبەت بەخۆی بۆ دابنێی هەروەها دەتوانی دیزاینێکی تایبەت بە فۆلدەرەکە دابنێی، بۆ نموونە ئەو فایلانەی کە وێنەیان تێدایە گشتیان رەنگێکی تایبەتی و دیزاینێکی تایبەتیان هەبێت و هەروەها ئەو فایلانەی کە تایبەتن بە دەق و دوکیۆمێنت ئەویش رەنگ و دیزاینی تایبەتیان هەبێت. بەکارهێنانی پرۆگرامەکەش ئاسانە، فۆلدەرێك یان چەندین فۆلدەر دەستنیشان دەکەی و پاشان کلیکی لای راست دادەگرێ و لەوێدا ناوی folder marker دەبینی بەداگرتنی ئەو دەتوانی شێواز و رەنگەکان دیاری بکەیت.